## حکومەتی هەرێمی کوردستان
## وەزارەتی پلاندانان
## دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# پێشبینییەکانی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان
# لە سەر ئاستی پارێزگاکان و قەزاکان
# ٢٠٢١- ٢٠٤٠

**بەشی ئامارەکانی دانیشتوان و هێزی کار**

**٢٠٢٢**

# پێشبینییەکانی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان

# لەسەر ئاستی پارێزگاو قەزا 2040-2021

**تشرینی یەکەم 2022**

2022©

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

لە کاتی بەکارهێنانی زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتە، تکایە بەم شێوەیە ئاماژەی پێ بکرێت:

دەستەی ئاماری هەرێم، 2022، *پێشبینییەکانی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگا و قەزا 2021-2040*.

بۆ پەیوەندیکردن:

ناونیشانی ئەلیکترۆنی: **krso.gov.krd**

ئیمێیل: **contact@krso.gov.krd**

مۆبایل: **07508963143 (964+)**

زنجیرە: **96**

# پێشبینییەکانی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان
# لەسەر ئاستی پارێزگاو قەزا 2021-2040

## ناوەڕۆك


پێشکەشکردن.................................................................................................................. 1
پێشگوتن........................................................................................................................ 2
هەڵسەنگاندن.................................................................................................................. 3
پێشەکی ......................................................................................................................... 4
میتۆدۆلۆجی.................................................................................................................... 5
مەزەندەی داتای دانیشتوان و نیشاندەرەکان لەسەر ئاستی پارێزگا و قەزا........................................ 5
تەکنیکی پێشبینییەکانی دانیشتوان................................................................................... 11
سیناریۆکانی پێشبینییەکانی دانیشتوان لەسەر ئاستی پارێزگا................................................. 12
سنووردارییەکان.............................................................................................................. 14
ئەنجامەکان.................................................................................................................... 15
پێشبینی دانیشتوان بۆ هەرێمی کوردستان.......................................................................... 15
پێشبینیکردنی ئاوارەکان................................................................................................. 15
پێشبینییەکانی دانیشتوان بۆ پارێزگای هەولێر..................................................................... 18
پێشبینییەکانی دانیشتوان بۆ قەزاکانی هەولێر..................................................................... 22
پێشبینییەکانی دانیشتوان بۆ پارێزگای سلێمانی................................................................... 30
پێشبینییەکانی دانیشتوان بۆ قەزاکانی سلێمانی................................................................... 34
پێشبینییەکانی دانیشتوان بۆ پارێزگای دهۆك....................................................................... 42
پێشبینییەکانی دانیشتوان بۆ قەزاکانی دهۆك....................................................................... 46
پێشبینییەکانی دانیشتوان بۆ پارێزگای هەڵەبجە................................................................... 54
بەرەنجامەکان.................................................................................................................. 60
پاشکۆکان...................................................................................................................... 61
پاشکۆی ا) ئەنجامەکانی هەولێر بە وردەکارییەوە................................................................... 63
پاشکۆی ب) ئەنجامەکانی سلێمانی بە وردەکارییەوە.............................................................. 68

پاشکۆی پ) ئەنجامەکانی دهۆك بە وردەکارییەوە ........................................................................................................... 73
پاشکۆی ت) ئەنجامەکانی هەڵەبجە بە وردەکارییەوە................................................................................................... 78
پاشکۆی س) پێشبینییە ساڵانەییەکانی دانیشتوان، کۆی دانیشتوان و گروپە هەڵبژێردراوەکانی تەمەن 2020-2040............. 83
پاشکۆی ش) پوختەی نیشاندەرە دیموگرافییەکان، 2021-2040.............................................................................. 111

## پێشکەشکردن

لەبەر ئەوەی ساڵی 2010 و دواتریش سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان و ئاڤاهیا لە عێراق نەکرا، ساڵی 2013 وەزارەتی پلاندانان/دەستەی ئامار بە هاوکاری سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA) و بە پشتبەستن بە ئەنجامەکانی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانانی ساڵی 2009 و ڕووپێوەکانی هێشوویی فرەنیشاندەر-2011 (MICS-2011) و نەخشەی هەژاری و مردنی دایکان – 2012 (IPMM-2012)، ڕاپۆرتی خەمڵاندنی ژمارەی دانیشتوان2009-2020 بۆ هەرێمی کوردستان بڵاو کردەوە. ساڵی 2019 وەزارەتی پلاندانان لە عێراق بڕیاری دا ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی ساڵی 2020 بکات بەڵام دیسان بە هۆکاری جیا تا ئێستاش نەتوانراوە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکرێت.

نەبوونی سەرژمێری لە عێراق بۆ 35 ساڵ بووەتە هۆکاری نەبوونی وردەکارییەکانی نیشاندەرە گرینگە دیموگرافییەکان و ئەمەش کەلێنێکی گەورەی خستۆتە سەرچاوەی گرینگی داتاکانی پلانەکان. لەم حاڵەتەدا، پێویستە دەزگاکانی ئاماری وڵات ڕێگەی تری زانستی بگرنە بەر بۆ دابینکردنی ئەو داتایانە بە بەکارهێنانی شێوازەکانی تایبەت بە خەمڵاندنی ژمارەی دانیشتوان، کە لە ڕێگای چەندین پرۆگرامی تایبەت دەکرێت، تاکو داتای پێویست بخەنە بەردەست وەزارەتەکانی حکومەت بۆ ئەوەی بتوانن لە دانانی پلان و سیاسەتەکانی ساڵانەیاندا سوودیان لێ وەربگرن.

لەبەر ئەمە، دەستەی ئامار بە هاوکاریی سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA) و بە سوودوەرگرتن لە دوایین نیشاندەر و داتای بەردەست لە ڕووپێوی دیمۆگرافی-2017 (DS-2017) و ڕووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر-2018 (MICS-2018) و ڕاپۆرتی پێشبینیی دانیشتوان 2009-2020 ڕاپۆرتێکی تایبەت بە پێشبینیی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2021-2040 ئامادە کردووە. ئەم ڕاپۆرتە، جیاوازتر لەوەی پێشوو، وردەکاریی زیاتر، وەک خەمڵاندن بۆ ژمارەی ئاوارەکان و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان کە دوای ساڵی 2013 ڕوویان لە هەرێم کردووە، لەگەڵ خەمڵاندن بۆ ژمارەی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزاکان دەخاتە بەردەست بۆ ئەوەی وەزارەتەکان و پارێزگاکان لەسەر بنەمای ئەم زانیارییانە نەك تەنیا لەسەر ئاستی پارێزگا بەڵکوو لەسەر ئاستی قەزاکانیش پلان و بەرنامەی کار دابڕێژن و ئەنجامی باشتر و وردتریان لێ وەر بگرن.

لێرەدا، بە پێویستی دەزانم سوپاسی سندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان بکەم بۆ هاوکاریی تەکنیکی و ماددییان کە پێشکەش بە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کردووە و سوپاسی بەرێز د. ماجد عثمان، وەزیری پێشووتری گەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیاری لە وڵاتی میسر و شارەزای بواری دیموگرافی و سەرژمێری، دەکەم و ماندووبوونیان بەرز دەنرخێنم بۆ هاوکارییان لە ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە. هەروەها سوپاسی بەرێز "د. مهدی العلاق"، ڕاوێژکاری نیشتمانی لە بواری دانیشتوان لە UNFPA، دەکەم بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم ڕاپۆرتە.

سوپاسی خۆم ئاراستەی بەڕێزان سیروان محمد، سەرۆکی دەستە؛ گوهدار محمدعلی، بەرپرسی بەشی ئامارەکانی دانیشتوان و هێزی کار؛ و نعیمە اکرم، فەرمانبەر لە بەشی ناوبراو دەکەم کە وەك تیمی دەستەی ئامار بۆ دەرکردنی ئەم ڕاپۆرتە گرینگە کاریان کرد و دڵنیام کە سوودی گەورەی دەبێت و وەك سەرچاوەی سەرەکیی دانانی پلان و بەرنامەکانی وەزارەتەکان و پارێزگاکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی دەنوێنێت.

**د. دارا ڕەشید**

**وەزیری پلاندانان**

## پێشگوتن

داتای وردی دیمۆگرافی پێویستییەکی سەرەکییە بۆ دانانی سیاسەتی دانیشتوان کە سەرچاوەی پەرەپێدانی وڵاتانی جیهانە. بۆیە، سەرژمێری گشتی دانیشتوان کە بە سەرچاوەی سەرەکی ئەم داتایە دادەنرێت، گرینگی تایبەتی خۆی هەیە و دەزگاکانی ئامار5 یان 10 ساڵ جارێک ئەم پرۆسە گەورەیە جێبەجێ دەکەن. عێراق، لە ماوەی 35 ساڵی ڕابردوو نەیتوانیوە سەرژمێرییەکی گشتگیر کە تەواوی وڵات بگرێتەوە جێبەجێ بکات و بۆیە ناچار هەوڵ دراوە لە ڕێگەی ڕووپێوەکان داتا و نیشاندەری دیمۆگرافی بەدەست بهێنرێت. دەستەی ئامار ئەرکێکی گرینگ و سەرەکی خۆی بۆ پڕکردنەوەی بەشێک لەو کەلێنەی لەم بوارە دا هەیە، بەجێ گەیاند و ڕاپۆرتی پێشبینیی ژمارەی دانیشتوان 2021-2040 دەخاتە بەردەست کە هەوڵ دراوە زۆرترین وردەکاری وەک گرووپەکانی تەمەن، بەپیتبوون، تەمەنی چاوەڕوانکراو، و هەروەها ڕێژەی نێر و مێ نەک تەنیا لەسەر ئاستی هەرێم و پارێزگاکان بەڵکو بۆ هەندێك نیشاندەر لەسەر ئاستی قەزاکان و شارنشین و گوندنشین، تیایدا جێگیر بکرێت.

پێشبینییەکانی ژمارەی دانیشتوان جێگەی سەرژمێری ناگرنەوە چونکە هەموو بابەتێك و هەموو وردەکارییەك لە خۆ ناگرن، لەبەر ئەوەی پشت بە داتای ڕووپێوەکانی کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکە دەبەستن. بەم هۆیە، هەر کاتێک داتای نوێ بەردەست بوو، پێویستە پێشبینییەکان نوێ بکرێنەوە و ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕوویان داوە دیار بکرێن.

لەم ڕوانگەیە، و بۆ ئەوەی زانستیتر بێت، لەم ڕاپۆرتەدا سێ سیناریۆ بۆ بەپیتبوون ڕەچاو کراون کە بریتین لە بەرز، ناوەند، و نزم. دوای ڕوونکردنەوەی هۆکار، بڕیار لەسەر بەکارهێنانی سیناریۆی بەپیتبوونی مامناوەند دراوە.

یەکەمجارە لە سەر ئاستی عێراق ئەم جۆرە ڕاپۆرتە بکرێت و گرینگییەکەی لەوەدایە کە پلاندانەران و داڕێژەرانی سیاسەتەکان دەتوانن بەرنامەکانیان و پرۆژەکانیان بە پێی زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتە دابڕێژن و لە گەڵ واقعی دانیشتواندا بیانگونجێنن.

هیوادارین وەک هەمیشە توانیبێتمان بەرچاوڕوونییەکی زیاتر بخەینە بەردەم وەزارەتی پلاندانان بۆ سوودوەرگرتن لە دوایین نیشاندەر و داتای دیمۆگرافی و هەروەها، هاوکاریی وەزارەتەکان و دامودەزگاکانی تری حکومەتی هەرێم بکەین کە لایەنی سەرەکی بەکارهێنانی داتا و نیشاندەرەکانی ئەم ڕاپۆرتە گرینگەن.

**سیروان محمد**

**سەرۆکی دەستەی ئامار**

## هەڵسەنگاندن

دەستنیشانکردنی پێشبینییەکانی دانیشتوان و دابەشبوونەکەی بە پێی تەمەن و ڕەگەز بە پێی یەکەکانی کارگێڕی و شارنشین و گوندنشین، شێوازێکی گرینگە بۆ دانانی ستراتیجییەکان و پلانەکان بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە گەشەسەندنی ناوچەکانەوە هەیە لەسەر ئاستی قەزاکان. بە نەبوونی داتای تازە کە هۆکارەکەی ئەنجامنەدانی سەرژمێری گشتگیری دانیشتوانە لە 1987 بە دواوە، دەستەبەرکردنی پێشبینییەکانی دانیشتوان بۆ ساڵانی داهاتوو، ئەگەر لەسەر بنەمایەکی زانستی، ڕاستەقینە و ورد ئەنجام نەدرێت ترس و دڵەڕاوکێی بە دواوە دەبێت.

ئەم ڕاپۆرتە لەسەر بنەمای ئەو گریمانە دیموگرافییانە بنیات نراوە کە ڕاستەقینە و بابەتییانەن. د. ماجد عوسمان، دارێژەری ئەم ڕاپۆرتە، هەوڵی داوە لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامدانی پاشترزانینێکی قووڵ (In-depth Extrapolation) بۆ تایبەتمەندییەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان/عێراق لەسەر بنەمای ئەو نیشاندەرە ئامارییانەی کە لە لایەن دەستەی ئامارەوە دەستەبەر کراون، گریمانە هەرە پەیوەندیدارەکان هەڵبسەنگێنێت.

میتۆدۆلۆجیی ئەم ڕاپۆرتە سەرچاوەیەکی بەسوودە بۆ دامەزراوە فەرمییە جیاوازەکان، توێژەران، و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، لە بەر ئەوەی پێشبینییەکانی دانیشتوانی بۆ ماوەیەکی گونجاو و لەسەر ئاستی قەزا بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر کردووە. بەڵام ئەمە ڕێگر نابێت بۆ ئەوەی دوای ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتوانی داهاتوو لە عێراق، کە بە پێی سەرچاوە حکومییەکان چاوەڕێ دەکرێت لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوو ئەنجام بدرێت، پێداچوونەوە بە ئەنجامەکانی ئەم ڕاپۆرتە بکرێت.

بەکارهێنانی میتۆدۆلۆجییەکی دارێژراو لەسەر بنەمای بەڵگە بۆ نیشاندەرە سەرەکییەکان بۆ درووستکردنی مۆدێلی نوێی دیموگرافی پشتیوانە بۆ گرینگبوونی ڕاپۆرتی پێشبینیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان.

هیواداریـن لایەنە فەرمی و نافەرمییەکان بە شێوەیەك سوود لەم ڕاپۆرتە ببینن کە پرۆسەی پلاندانان و گەشەپێدان بەرەو پێش ببات.

**د. مەهدی عەللاق**
**ڕاوێژکاری نیشتیمانی بۆ کاروباری سەرژمێری**
**لە سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان**
**(UNFPA)**

## پێشەکی

لە ساڵی 2014 بە دواوە عێراق چەندان قەیرانی کەڵەکەبووی بە خۆیەوە بینیوە کە بوونەتە هۆی گۆڕانکاری لە پرۆفایلی دیموگرافیی وڵات. چەندان گۆڕانکاریی گەورە لەسەر هۆکارە سەرەکییەکانی دانیشتوان ڕوویانداوە، لە وانە گەشەی دانیشتوان، دابەشبوون، پێکهاتەی تەمەن، بەپیتبوون، مردن، داینامیکی دانیشتوان، بەتواناکردنی ئافرەتان، هتد. سەرەڕای ئەمە، پەتای کۆڤید-19 تەنانەت چەند پێشهاتێکی زیاتری لەسەر کاریگەرییەکانی دانیشتوان درووست کرد. ململانێی درێژخایەن لە عێراق کاریگەریی نەرێنیی کردووەتە سەر ئاسۆی ئابووریی وڵات، بە هەرێمی کوردستانەوە، وەك دابەزینی وەبەرهێنانی بیانی و پەککەوتنی ڕێڕەوە ئابوورییەکان. لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی تر بووەتەوە لەوانە هاتنی بەلێشاوی پەنابەرە سورییەکان، ئاوارەکانی ناوخۆ لە دەرەنجامی هێرشی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بۆ سەر ناوچەکانی عێراق، ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لەسەر بوودجە، و دابەزینی نرخی نەوت.

ئەم ئاڵنگارییانە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر ئەدای حکومەت، خۆڕاگریی خێزان، مانەوەی کەرتی تایبەت، و شێواندنی بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان هەبووە. سەرەڕای ئەمانە، حکوومەتی هەرێمیان خستبووە ژێر گوشارێکی لەڕادەبەدەر، بە تایبەت پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و پاراستنی کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ئەم هەموو ئاڵنگارییە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی پەتایەکی جیهانیی چاوەڕواننەکراو بوو کە گوشاری زیاتری خستە سەر نەتەنیا کەرتی تەندروستی بەڵکو لەسەر کەرتی کشتوکاڵی بە شێوەیەکی گەورەتر.

ڕاپۆرتی ئێستا لە بارەی "پێشبینییەکانی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگا و قەزا 2021-2040" مەبەستیەتی بە پێشبینیکردن بۆ ژمارەی دانیشتوان بەپێی تەمەن و ڕەگەز لەسەر ئاستی قەزاکان، پاڵپشت بێت بۆ پلاندانانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی ناوچەیی. کاریگەریی هەستپێکراوی داینامیکی دانیشتوان بۆ دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکان و ژێرخان گرینگە، چ لە قۆناغی پلاندانان یان لە کاتی پێداچوونەوە بە ئەولەوییەتەکان و تەرخانکردنی سەرچاوەکان. گەیشتن بە گەشەپێدانی مایندە و دڵنیابوون لەوەی کەس لەبیر نەکراوە، بە هەنگاوێکی گرینگ دادەنرێت.

# میتۆدۆلۆجی

## مەزەندەی داتای دانیشتوان و نیشاندەرەکان لەسەر ئاستی پارێزگا و قەزا

ژمارەی دانیشتوانی ساڵی 2020 کە لەم ڕاپۆرتەدا بە بنچینە داندراوە، لە دەستەی ئاماری هەرێم وەرگیراوە. بەپێی ئەم داتایە، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە نزیکەیی بریتییە لە 6.2 ملیون کەس. هەولێر، گەورەترین پارێزگای هەرێمە و نزیکەی 36.5% کۆی دانیشتوان پێکدەهێنێت، دوای ئەو سلێمانی (34.9%) و ئینجا دهۆك (26.7%) و هەڵەبجە (1.9%) دێن. دابەشبوونی ڕەگەز لە هەرێم بە 50.2% بۆ نێر هاوسەنگە و لە ناو پارێزگاکانیش بە ڕێژەیەکی زۆر کەم جیاوازی هەیە.

**خشتەی 1: دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەپێی پارێزگا، 2020**

| پارێزگا | نێر | مێ | کۆ |
|---|---|---|---|
| **هەولێر** | 1,138,143 | 1,116,279 | 2,254,422 |
| **سلێمانی** | 1,076,829 | 1,075,766 | 2,152,595 |
| **دهۆك** | 826,100 | 822,511 | 1,648,611 |
| **هەڵەبجە** | 57,756 | 57,699 | 115,455 |
| **هەرێمی کوردستان** | 3,098,828 | 3,072,255 | 6,171,083 |

پێکهاتەی تەمەنی هەرێمی کوردستان ڕەنگدانەوەی پێکهاتەیەکی گەنجی دانیشتوانە کە نزیکەی 37% لە ژێر تەمەنی 15 ساڵ و 29% لە تەمەنی 15 بۆ کەمتر لە 30 ساڵدان. بەرزبوونی ڕێژەی پشتبەستن دەنگدانەوەی ئەم پێکهاتە گەنجەیە و هاوئاهەنگە لە گەڵ ئاستەکانی بەپیتبوون. بەپێی ئەنجامەکانی ڕوویێوی MICS-2018 ڕێژەی گشتیی بەپیتبوون لە هەولێر 3.1، لە سلێمانی 2.8، و لە دهۆك 3.7 منداڵە بۆ هەر ئافرەتێك. ئاستی بەپیتبوون لە دهۆك نزیکە لە ئاستی بەپیتبوونی عێراق (3.7 منداڵ بۆ هەر ئافرەتێك)[1] و لە هەولێر و لە سلێمانی ئاستی بەپیتبوون بە شێوەیەکی بەرچاو نزمترە. بەراورد بە وڵاتانی دراوسێ، ئێران و تورکیا ئاستێکی بەرچاو نزمتری بەپیتبوونیان هەیە (2.2 منداڵ بۆ هەر ئافرەتێك و 2.1 منداڵ بۆ هەر ئافرەتێك، بە شێوەی ڕیزبەند).

پلاندانان لەسەر ئاستی قەزاکان، پێویستە جیاوازییە ناوچەییەکانی پێکهاتەی دانیشتوان لە ناو پارێزگاکان بناسێنێت، لەبەر ئەوەی پێکهاتەی دانیشتوان کاریگەریی لەسەر پلاندانانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبێت. خشتەی 2 پیشان دەدات کە پێکهاتەی دانیشتوان لە ناو هەر چوار پارێزگا دا جیاوازە. بۆ نموونە، دهۆك بە هەبوونی 41% دانیشتوانی ژێر 15 ساڵ پێکهاتەیەکی گەنجتری دانیشتوانی هەیە لە کاتێکدا 34% لە دانیشتوانی سلێمانی ژێر 15 ساڵن.

[1] نەتەوە یەکگرتووەکان، بەشی کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی، کەرتی دانیشتوان (2019). ئاسۆکانی دانیشتوانی جیهان 2019، وەشانی ئۆنلاین. پێداچوونەوەی یەکەم. https://www.un.org/development/desa/pd/news/world-population-prospects-2019-0 داتاکان بە شێوەی تێکڕای ماوەی نێوان 2015-2022 پێشان دراون.

ئەمە ئەوە پێشان دەدات کە لەبەرچاوگرتنی داینامیکی دانیشتوان، پرۆسەی پلاندانانی کۆمەڵایەتی-ئابووری بەرەو باشتر دەبات و دەبێتە هۆی وردتربوونی پرۆسەی تەرخانکردنی سەرچاوەکان و وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەبێت.

**خشتەی 2: پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەپێی پارێزگا، 2020**

| گرووپی تەمەن | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەڵەبجە | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| **0-14** | 37.9% | 33.5% | 40.9% | 33.5% | 37.1% |
| **15-29** | 28.5% | 28.8% | 29.9% | 28.8% | 29.0% |
| **30-44** | 19.1% | 21.0% | 17.1% | 21.0% | 19.3% |
| **45-59** | 9.0% | 10.1% | 7.5% | 10.1% | 9.0% |
| **60+** | 5.5% | 6.7% | 4.5% | 6.7% | 5.7% |
| **کۆ** | 100.0% | 100.0% | 100.0% | 100.0% | 100.0% |

سەرچاوە: لەسەر بنەمای پێشبینییەکانی دەزگای ناوەندیی ئاماری عێراق (CSO) بەپێی تەمەن و رەگەز بۆ ساڵی 2019، ئەژمار کراوە.

دابەشبوونی وردی (5 ساڵانەی) دانیشتوانی پارێزگاکان بەپێی تەمەن و رەگەز (خشتەی 3) وەك بنچینەی پێشبینییەکانی دانیشتوان تا ساڵی 2040 بەکار هاتووە. بۆ پێشبینییەکانی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزا، ئەو داتایانەی لە خشتەی 4 دا هاتوون وەك بنچینەی پێشبینییەکانی دانیشتوان لە 2021 تا 2040 بەکار هێنراون.



## خشتەی 3: دابەشبوون بەپێی تەمەن و ڕەگەز لەسەرئاستی پارێزگا، 2020

| هەرێمی کوردستان | | | هەڵەبجە | | | دهۆک | | | سلێمانی | | | هەولێر | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | مێ | نێر | کۆ | مێ | نێر | کۆ | مێ | نێر | کۆ | مێ | نێر | کۆ | مێ | نێر | |
| 774,480 | 378,758 | 395,722 | 12,680 | 6,269 | 6,411 | 231,748 | 113,286 | 118,462 | 236,410 | 116,875 | 119,535 | 293,642 | 142,328 | 151,314 | **4-0** |
| 747,660 | 366,335 | 381,325 | 12,559 | 6,081 | 6,478 | 222,945 | 109,937 | 113,009 | 234,154 | 113,384 | 120,770 | 278,001 | 136,933 | 141,068 | **9-5** |
| 765,047 | 367,909 | 397,138 | 13,408 | 6,454 | 6,954 | 219,361 | 108,228 | 111,133 | 249,993 | 120,333 | 129,660 | 282,285 | 132,894 | 149,391 | **14-10** |
| 625,284 | 299,118 | 326,166 | 11,513 | 5,575 | 5,937 | 178,871 | 87,004 | 91,867 | 214,653 | 103,952 | 110,701 | 220,248 | 102,587 | 117,661 | **19-15** |
| 605,904 | 296,145 | 309,759 | 11,351 | 5,453 | 5,898 | 164,821 | 81,147 | 83,674 | 211,630 | 101,663 | 109,968 | 218,101 | 107,882 | 110,219 | **24-20** |
| 556,850 | 274,714 | 282,136 | 10,341 | 5,070 | 5,271 | 149,653 | 73,294 | 76,359 | 192,810 | 94,528 | 98,281 | 204,047 | 101,822 | 102,225 | **29-25** |
| 450,017 | 232,186 | 217,831 | 8,755 | 4,536 | 4,220 | 111,730 | 57,775 | 53,955 | 163,236 | 84,564 | 78,672 | 166,295 | 85,311 | 80,984 | **34-30** |
| 385,074 | 198,938 | 186,136 | 7,864 | 4,143 | 3,721 | 92,681 | 48,241 | 44,440 | 146,615 | 77,240 | 69,375 | 137,914 | 69,314 | 68,600 | **39-35** |
| 353,680 | 173,338 | 180,342 | 7,607 | 3,728 | 3,879 | 78,139 | 37,466 | 40,673 | 141,824 | 69,501 | 72,323 | 126,110 | 62,643 | 63,467 | **44-40** |
| 227,127 | 114,971 | 112,156 | 4,793 | 2,488 | 2,305 | 47,885 | 23,229 | 24,657 | 89,360 | 46,389 | 42,972 | 85,088 | 42,865 | 42,222 | **49-45** |
| 134,944 | 84,647 | 50,297 | 2,729 | 1,740 | 989 | 30,419 | 19,543 | 10,877 | 50,882 | 32,448 | 18,434 | 50,913 | 30,916 | 19,997 | **54-50** |
| 193,117 | 98,383 | 94,734 | 4,123 | 2,083 | 2,040 | 45,370 | 23,649 | 21,721 | 76,877 | 38,845 | 38,032 | 66,747 | 33,806 | 32,941 | **59-55** |
| 127,303 | 66,760 | 60,543 | 2,795 | 1,465 | 1,330 | 27,727 | 13,961 | 13,766 | 52,112 | 27,308 | 24,804 | 44,669 | 24,026 | 20,643 | **64-60** |
| 72,563 | 38,037 | 34,526 | 1,527 | 773 | 755 | 14,736 | 8,167 | 6,568 | 28,476 | 14,408 | 14,068 | 27,824 | 14,689 | 13,135 | **69-65** |
| 56,653 | 29,057 | 27,596 | 1,214 | 628 | 586 | 11,539 | 5,631 | 5,908 | 22,640 | 11,710 | 10,930 | 21,260 | 11,088 | 10,172 | **74-70** |
| 38,443 | 19,938 | 18,505 | 895 | 461 | 433 | 7,756 | 3,858 | 3,899 | 16,681 | 8,600 | 8,081 | 13,111 | 7,019 | 6,092 | **79-75** |
| 56,939 | 33,024 | 23,915 | 1,300 | 752 | 548 | 13,229 | 8,098 | 5,131 | 24,243 | 14,018 | 10,225 | 18,167 | 10,156 | 8,011 | **80+** |
| 6,171,085 | 3,072,258 | 3,098,827 | 115,455 | 57,699 | 57,756 | 1,648,611 | 822,511 | 826,100 | 2,152,595 | 1,075,766 | 1,076,829 | 2,254,422 | 1,116,279 | 1,138,143 | **کۆ** |

**خشتەی 4: دانیشتوانی بنچینە لەسەرئاستی قەزا و شوێنی نیشتەجێبوون (شار/گوند)، 2020**

| پارێزگا | قەزا | شارنشین | گوندنشین | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | هەولێر | 960,774 | 82,938 | 1,043,712 |
| | ڕەواندوز | 16,883 | 11,145 | 28,028 |
| | کۆیە | 94,281 | 29,147 | 123,428 |
| | چۆمان | 19,048 | 15,444 | 34,492 |
| | خەبات | 85,190 | 36,480 | 121,670 |
| | بنەسڵاوە | 212,239 | 31,854 | 244,093 |
| | سۆران | 161,024 | 44,244 | 205,268 |
| | شەقڵاوە | 114,206 | 50,945 | 165,151 |
| | مەخموور | 41,163 | 188,879 | 230,042 |
| | مێرگەسوور | 19,838 | 38,700 | 58,538 |
| | **کۆ** | **1,724,646** | **529,776** | **2,254,422** |
| سلێمانی | سلێمانی | 848,311 | 73,772 | 922,083 |
| | پشدەر | 102,228 | 34,741 | 136,969 |
| | پێنجوێن | 26,409 | 21,898 | 48,307 |
| | چەمچەماڵ | 157,311 | 20,928 | 178,239 |
| | خانەقین | 1,346 | 13,054 | 14,400 |
| | دەربەندیخان | 48,465 | 4,397 | 52,862 |
| | دوکان | 46,937 | 28,708 | 75,645 |
| | ڕانیە | 218,962 | 28,712 | 247,674 |
| | سەیدسادق | 65,445 | 26,358 | 91,803 |
| | شارباژێر | 7,387 | 14,928 | 22,315 |
| | شارەزوور | 64,273 | 9,418 | 73,691 |
| | قەرەداغ | 2,853 | 8,549 | 11,402 |
| | کەلار | 197,271 | 12,364 | 209,635 |
| | کفری | 39,222 | 18,461 | 57,683 |
| | ماوەت | 1,621 | 8,266 | 9,887 |
| | **کۆ** | **1,828,041** | **324,554** | **2,152,595** |
| دهۆک | دهۆک | 413,674 | 20,290 | 433,964 |
| | ئاکرێ | 93,901 | 115,146 | 209,047 |
| | ئامێدی | 90,462 | 43,481 | 133,943 |
| | شێخان | 87,124 | 84,137 | 171,261 |
| | بەردەڕەش | 54,907 | 109,359 | 164,266 |
| | زاخۆ | 286,668 | 32,710 | 319,378 |
| | سێمێل | 166,425 | 50,327 | 216,752 |
| | **کۆ** | **1,193,161** | **455,450** | **1,648,611** |
| هەڵەبجە | **کۆ** | **98,081** | **17,374** | **115,455** |

**خشتەی 5: نیشاندەرەکانی بەپیتبوون بەپێی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، 2018**

| | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەڵەبجە | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی بەپیتبوونی گشتی | 3.1 | 2.8 | 3.7 | 2.8 | 3.1 |
| ڕێژەی بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی ڕێگریکردن لە دووگیانی | 66.0 | 73.3 | 56.9 | 73.3 | 66.6 |
| - شێوازی سەردەمیانە | 24.9 | 25.3 | 27.6 | 25.3 | 25.6 |
| - شێوازی نەریتی (تەقلیدی) | 41.1 | 48.0 | 29.3 | 48.0 | 41.0 |
| ڕێژەی سەدیی پێویستییە دەستەبەرنەکراوەکان | 7.1 | 8.0 | 10.1 | 8.0 | 8.0 |
| ڕێژەی سەدیی بەکارهێنانی ڕێگریی دووگیانی بۆ ماوەدانان (لە نێوان منداڵەکان) | 22.9 | 22.3 | 18.5 | 22.3 | 21.9 |
| ڕێژەی سەدیی بەکارهێنانی ڕێگریی دووگیانی بۆ سنووردارکردن (ی منداڵبوون) | 43.1 | 51.1 | 38.5 | 51.1 | 44.7 |

سەرچاوە: MICS 2018

بەپێی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM)، ژمارەی کەسانی ئاوارەی ناوخۆ (IDP) لە عێراق لە ناوەڕاستی ساڵی 2022 گەیشتووەتە 1.18 ملیون کەس[2]. پشکی هەرێمی کوردستان لە ئاوارە ناوخۆییەکان نزیکەی 694 هەزار کەسە، واتە 52.6% ئاوارە ناوخۆییەکانی عێراق. تایبەتمەندییەکانی خوارەوە ئاوارە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان دەردەخەن:

1) جیاوازییە جوگرافییەکانی ناو پارێزگاکان. داتاکان[3] ئەوە دەردەخەن کە لە هەرێمی کوردستان بەرزترین ژمارەی ئاوارەکان لە پارێزگای دهۆکن (320 هەزار ئاوارە) کە 46% -ی ئەو ئاوارانە پێك دەهێنن کە لە هەرێمی کوردستان دەژین. هەولێر بە 233 هەزار ئاوارە لە پلەی دووەم دێت و 34% -ی ئەو ئاوارانەی لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن لە خۆ دەگرێت، دوای ئەویش سلێمانی دێت کە 142 هەزار کەس لە کۆی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستانی لە خۆ گرتووە کە دەکاتە 20% لە کۆی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان.

2) بارگرانیی ئاوارە ناوخۆییەکان بەسەر دانیشتوانی خۆجێیی (ڕەسەن). ئەژمارکردنی بارگرانیی ئاوارەکان بە پێوەری ڕێژەی سەدیی ئاوارەکان لە ناو هەر پارێزگایەك، ئەوە ئاشکرا دەکات کە بەپێی داتاکانی 2020، ڕێژە سەدییەکە بە شێوەیەکی بەرچاو لە دهۆك بەرزترە (24.4%) ئینجا لە هەولێر (10.5%) و دواتر لە سلێمانی[4] (6.2%).

3) ئاراستە. هەر وەك لە شێوەی 1 پێشان دراوە و لە خشتەی 6 شیکراوەتەوە، کۆی گشتیی ئەو ئاوارانەی لە هەرێمی کوردستان دەژین بە ڕێژەی 20% لە نێوان شوباتی 2018 و ئاداری 2022 دابەزیوە. بەرزترین ڕێژەی دابەزین لە ژمارەی ئاوارەکان لە پارێزگای دهۆك بووە و گەیشتووەتە 29%، دوای ئەویش سلێمانی دێت (22%)، لە کاتێکدا وا دەردەکەوێت کە ژمارەی ئاوارەکان لە پارێزگای هەولێر بە جێگیری ماوەتەوە.

[2] https://iraqdtm.iom.int/Dashboard

[3] ئادار 2022

[4] لەگەڵ هەڵەبجە

4) پارێزگای ڕەســەنی ئاوارە ناوخۆییەکان. دابەشــبوونی ئاوارە ناوخۆییەکان بەپێی ئەو پارێزگایەی کە لێی هاتوون لە نێوان پارێزگاکانەوە جیاوازە. بە نزیکەیی گشــت ئاوارەکانی پارێزگای دهۆك لە پارێزگای موســڵ هاتوون، لە کاتێکدا کە ئەو ئاوارانەی لە پارێزگاکانی هەولێر و ســلێمانی دەژین لە ڕووی پارێزگای ڕەســەن، واتە ئەو پارێزگایەی کە لێی هاتوون، جۆراوجۆریی زیاتریان پێوە دیارە. لە هەولێر، 48% لە پارێزگای موسل، 30% لە ئەنبار، و 10% لە پارێزگای سەڵاحەددین هاتوون. ئەو ئاوارانەش کە لە پارێزگای سلێمانی دەژین، هێشتا جۆراوجۆریی زیاتریان لە ڕووی پارێزگای ڕەسەنیان پێوە دیارە (24% لە سەلاحەددین، 22% لە بەغدا، 18% لە دیالا، 16% لە ئەنبار و 10% لە موسل).

ئەم تایبەتمەندییانە ئەوە دەردەخەن کە پێویستە لەو سیناریۆیانەی بۆ داهاتووی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان درووســت دەکرێن، ڕەچاوی ئەو گۆڕانکارییانە بکرێت کە لە ژمارەی ئاوارەکان لە هەر پارێزگایەك دا ڕوو دەدەن. ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە تەنیا لەسەر دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان ناوەستن، بەڵکو بە توندی لەسەر دۆخی پارێزگا ڕەسەنەکانیان و جێگیربوونی سیاسی لە وڵاتە دراوسێکاندا دەوەستن.

**شێوەی 1: ئاراستەی ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان، 2018-2020**




سەرچاوە: IOM. ماتریکسی شوێپاندنی ڕاگواستنی IOM. https://iraqdtm.iom.int/MasterList#Reports

**خشتەی 6: ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان، 2018-2022**

| | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|
| **شوبات 2018** | 234,846 | 181,302 | 451,884 | 868,032 |
| **شو بات 2019** | 212,562 | 150,336 | 421,650 | 784,548 |
| **شوبات 2020** | 237,408 | 140,304 | 402,780 | 780,492 |
| **شوبات 2021** | 231,694 | 136,496 | 330,785 | 698,975 |
| **ئادار 2022** | 232,860 | 141,522 | 320,109 | 694,491 |
| **ڕێژەی سەدیی دابەزین 2018-2022** | 0.8% | 21.9% | 29.2% | 20.0% |
| **تێکرای دابەزینی ساڵانە** | 0.2% | 5.9% | 8.1% | 5.3% |

**خشتەی 7: پارێزگای ڕەسەنی ئەو ئاوارانەی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانن، ئادار- 2022**

| پارێزگای ڕەسەن | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆك | | هەرێم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | # | % | # | % | # | % | # | % |
| ئەنبار | 68,592 | 29.5% | 22,234 | 15.7% | 210 | 0.1% | 91,036 | 14.6% |
| بابل | 35 | 0.0% | 9,713 | 6.9% | 0 | 0.0% | 9,748 | 1.6% |
| بەغدا | 12,736 | 5.5% | 31,254 | 22.1% | 210 | 0.1% | 44,200 | 7.1% |
| دیالا | 940 | 0.4% | 25,477 | 18.0% | 0 | 0.0% | 26,417 | 4.2% |
| هەولێر | 7,272 | 3.1% | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | 7,272 | 1.2% |
| کەرکوك | 9,749 | 4.2% | 4,698 | 3.3% | 66 | 0.0% | 14,513 | 2.3% |
| موسڵ | 110,638 | 47.5% | 14,023 | 9.9% | 248,217 | 99.7% | 372,878 | 59.8% |
| سەلاحەددین | 22,898 | 9.8% | 34,123 | 24.1% | 246 | 0.1% | 57,267 | 9.2% |
| کۆ | 232,860 | 100.0% | 141,522 | 100.0% | 248,949 | 100.0% | 623,331 | 100.0% |

## تەکنیکی پێشبینییەکانی دانیشتوان

پێشبینییەکانی دانیشتوان بریتین لە مەزندەکانی دانیشتوان بۆ ساڵانی داهاتوو. ئەم پێشبینییانە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بنچینەی مەزندەیەکی دانیشتوانن کە لە گەڵ دوایین سەرژمێری 10 ساڵانەیش یەکدەگرێتەوە و بە بەکارهێنانی شێوازی کۆمەڵە-پێکهاتە (Cohort-component) بەرهەم دەهێندرێن. پێشبینییەکان لەسەر بنەمای گریمانەکان بۆ داهاتووی لەدایکبوونەکان، مردنەکان، کۆچبەری نێودەوڵەتی سافی (Net International Migration)، و کۆچبەری ناوخۆیی، ئەو ڕێڕەوانەی گۆڕانکاریی دانیشتوان دەخەنە ڕوو کە ئەگەری ڕوودانیان هەیە. لە هەندێك حاڵەتدا، زنجیرەیەك لە پێشبینییەکان لەسەر بنەمای گریمانەی جێگرەوە بۆ بەپیتبوون، مردن، کۆچبەری نێودەوڵەتی سافی، و (بۆ پێشبینییەکان لەسەر ئاستی وڵات) وڵات-بۆ-وڵات یان کۆچبەری ناوخۆیی لە داهاتوودا، بەرهەم دەهێندرین.[5]

لە شێوازی کۆمەڵە-پێکهاتە، پێکهاتەکانی گۆڕانی دانیشتوان (بەپیتبوون، مردن، و کۆچبەری سافی) بە شێوەیەکی جیا بۆ هەر کۆمەڵەیەکی لەدایکبووان (ئەو کەسانەی کە لە ساڵێکی دیارکراودا لەدایك دەبن) پێشبینی کراون. بۆ هەموو ساڵێك و بە بەکارهێنانی پێشبینی ڕێژەکانی مانەوە لە ژیان و کۆچبەری نێودەوڵەتی سافی، دانیشتوانی بنچینە پێش دەخرێت، و بۆ هەر ساڵێك، گروپێکی نوێی لەدایکبووان دەخرێتە سەر دانیشتوان بە هۆی پێشبینی ڕێژەکانی بەپیتبوون بۆ دانیشتوانی مێ.

بۆ هەر یەك لە سێ پێکهاتەکەی گۆڕانی دانیشتوان، پێویستە بە وردی گریمانە بۆ ئاست (Level) و ڕەوت (Pattern) بکرێت بۆ ئەوەی لە ماوەی پێشبینیکردنەکەدا ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکان بێت. پێویستە گریمانەکانی بەپیتبوون، ئاستی بەپیتبوون (ڕێژەی گشتیی بەپیتبوون) و ڕەوتی بەپیتبوون (ڕێژەکانی بەپیتبوونی تەمەنە دیارکراوەکان)

[5] https://www.census.gov/programs-surveys/popproj/about.html

دەستنیشان بکەن. گریمانەکانی مردن، پێویستە ئاستی مردن بۆ هەر دوو ڕەگەز (تەمەنی چاوەڕوانکراو بۆ هەر دوو ڕەگەز) و ڕەوتی مردن (ڕێژەکانی مردن بەپێی تەمەن بۆ هەر دوو ڕەگەز) دیار بکەن. بە هەمان شێوە، پێویستە گریمانەکانی کۆچبەری ڕێژەی کۆچبەری و ڕەوتەکەی دیار بکەن. ئاست و ڕەوتی بەپیتبوون بە گشتی لە ڕووپێوە تازەکان وەردەگیرێن، و مۆدێلێکی خشتەی ژیان بۆ ڕەنگدانەوەی ڕێژەکانی مردنی دیارکراو بەپێی تەمەن هەڵبژێردراوە. گریمانەکانی کۆچبەری پشت بە ئاسۆکانی ئابووری و سیاسی دەبەستن.

لە ڕاپۆرتێکی ئەم دواییانەدا[6]، پێشبینییەك بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی 20 ساڵ کراوە کە لە 2021 دەست پێ دەکات. پێشبینییەکان لە کۆمەڵە پێشبینییەکی پێشوتر کە لە ساڵی 2013 کراون[7]، سوودی وەرگرتووە. کۆمەڵە پێشبینییەکانی تر ماوەی 2009 تا 2020 لە خۆ دەگرێت. لەم پێشبینیانەی ئێستادا سوود لە ژمارەی دانیشتوانی 2020 بەپێی تەمەن و ڕەگەز وەك بنچینە بۆ پێشبینییەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان تا ساڵی 2040 وەرگیراوە.

لەم ڕاپۆرتەدا، پێشبینییەکانی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزاکان و بۆ هەر دوو ژینگەی شارنشین و گوندنشین کراون. بۆ ئەوەی بتواندرێت پێشبینی بۆ دانیشتوانی هەر یەك لە 33 قەزاکە بە جیا بکرێت، پێویست بوو دەرخەرەکانی (پارامیتەرەکان - Parameters) پێشبینییەکانی دانیشتوان، لەسەر ئاستی قەزا ئەژمار بکرێن. بەهۆی بەردەستنەبوونی ئەم جۆرە دەرخەرانە لەسەر ئاستی ناوچەی بچووك، پێشبینییەکان لەسەر ئاستی پارێزگا کراون و ئینجا ئەنجامەکان بەپێی قەبارەی هەر قەزایەك (شارنشین و گوندنشین) لە بنچینەکەدا، دابەش کراون. ئەم گریمانەیە بە واتای ئەوە دێت کە قەزاکان لە هەر پارێزگایەك لە ڕووی پارامیتەرەکانی داینامیکی دانیشتوان هاوجۆرن (Homogeneous).

## سیناریۆکانی پێشبینییەکانی دانیشتوان لەسەرئاستی پارێزگا

کۆمەڵێك سیناریۆ بۆ هەر پارێزگایەك داندراون. سەبارەت بە بەپیتبوون، داتاکانی ڕووپێوی (2018) MICS پیشان دەدەن کە تێکڕای ڕێژەی بەپیتبوون لە دهۆك بەرزترینە (3.7) ئینجا هەولێر (3.1) و دوای ئەوانیش سلێمانی دێت (2.8). بەپێی هەر سێ سیناریۆکە، وا گریمان کراوە کە تێکڕاکانی ڕێژەی بەپیتبوون بە تێپەڕبوونی کات ڕووەو نزمبوونەوەن. ڕێڕەوەکە لەسەر بنەمای بەرزترین ئاستی بەپیتبوون لە دهۆك و نزمترین ئاستی بەپیتبوون لە سلێمانی و هەڵەبجە بوو. داتاکانی 2018 بە بەکارهێنانی 3 سیناریۆ بۆ ساڵی 2040 بەکار هێنراون. سیناریۆی یەکەم (بەپیتبوونی بەرز) گریمانی بۆ دابەزینی ساڵانەی 0.5% کردووە، سیناریۆی دووەم (بەپیتبوونی مامناوەند) گریمانی بۆ دابەزینی ساڵانەی 1% کردووە و سیناریۆی سێیەم (بەپیتبوونی نزم) گریمانی بۆ دابەزینی ساڵانەی 2% کردووە. هەروەك لە خشتەی 8 هاتووە، تێکڕای گشتی بەپیتبوون بۆ ساڵی 2040 لە هەولێر لە نێوان 1.99 بۆ 2.78 منداڵ بۆ هەر ئافرەتێك، لە سلێمانی و هەڵەبجە لە نێوان 1.80 بۆ 2.51 منداڵ بۆ هەر ئافرەتێك، و لە دهۆك لە نێوان 2.37 بۆ 3.31 منداڵ بۆ هەر ئافرەتێك، لە گۆڕانکاریدا

[6] هەرێمی کوردستانی عێراق – ڕاپۆرتی شیکردنەوەی دانیشتوان 2021 (gov.krd)

[7] دەستەی ئاماری هەرێم (2013). پێشبینیی دانیشتوان بۆ هەرێمی کوردستان/ عێراق 2009-2020. [ بە عەرەبی]

دەبێت. تێکڕاکانی بەپیتبوون بەپێی تەمەن کە لە ڕووپێوی دیموگرافیی هەرێمی کوردستان[8] وەرگیراون، بۆ کۆمەڵەی تێکڕاکانی بەپیتبوونی گشتی بەکار هاتوون و لە پێشبینییەکانی هەر چوار پارێزگاکە سوودیان لێ وەرگیراوە.

بە هۆی نەبوونی داتا لەسەر ئاستی پارێزگا، وا گریمان کراوە کە تەمەنی چاوەڕوانکراو لە کاتی لەدایکبوون لە هەر چوار پارێزگاکە وەکو یەك بێت. سیناریۆکە گریمان دەکات کە لە ماوەی پێشبینییەکەدا بەرزبوونەوەیەك لە 73.7 ساڵ لە 2020 بۆ 77.5 ساڵ لە 2040 بۆ نێر و لە 76.5 ساڵ بۆ 80.6 ساڵ بۆ مێ ڕوو دەدات (خشتەی 9). تەمەنی چاوەڕوانکراو لە کاتی لەدایکبوون، دەرخەری مردنی گشتییە لە ناو دانیشتوان دا. سەرەڕای ئەمە، بۆ دەرخستنی ڕێژەکانی مردن بەپێی گروپەکانی تەمەن، پێویستی بە ڕەوتی مردن هەیە. ئەو ڕێژانەی پێویستن بۆ پێشبینییەکانی دانیشتوان ڕێژەکانی مانەوەن لە ژیان. ڕێژەکانی ورد و نوێی تێکڕای مردن بەپێی تەمەن و ڕەگەز لەسەر ئاستی نیشتیمانی لە زۆربەی وڵاتان دەست ناکەون و ئەگەری بەردەستبوونیان لەسەر ئاستی خوار نیشتیمانی کەمترە. وەکو جێگرەوە، مۆدێلەکانی خشتەی ژیان بە کار هێنراون. لێرەدا خشتەی گشتیی ژیانی UN بەکار هاتووە لە بەر ئەوەی لەسەر بنچینەی مەزندەکانی داتاکانی تایبەت بە وڵات داندراوە.

**خشتەی 8: سیناریۆکانی تێکڕای بەپیتبوونی گشتی بەپێی پارێزگا**

| پارێزگا | ئاست | 2020 | 2025 | 2030 | 2035 | 2040 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | بەرز | 3.07 | 2.99 | 2.92 | 2.85 | 2.78 |
| | مامناوەند | 3.04 | 2.89 | 2.75 | 2.61 | 2.49 |
| | نزم | 2.98 | 2.69 | 2.43 | 2.2 | 1.99 |
| سلێمانی | بەرز | 2.77 | 2.7 | 2.64 | 2.57 | 2.51 |
| | مامناوەند | 2.74 | 2.61 | 2.48 | 2.36 | 2.24 |
| | نزم | 2.69 | 2.43 | 2.2 | 1.99 | 1.8 |
| دهۆك | بەرز | 3.66 | 3.57 | 3.48 | 3.4 | 3.31 |
| | مامناوەند | 3.63 | 3.45 | 3.28 | 3.12 | 2.97 |
| | نزم | 3.55 | 3.21 | 2.9 | 2.62 | 2.37 |
| هەڵەبجە | بەرز | 2.77 | 2.7 | 2.64 | 2.57 | 2.51 |
| | مامناوەند | 2.74 | 2.61 | 2.48 | 2.36 | 2.24 |
| | نزم | 2.69 | 2.43 | 2.2 | 1.99 | 1.8 |

**خشتەی 9: سیناریۆی تەمەنی چاوەڕو انکراو - 2020 تا 2040**

| | 2020 | 2025 | 2030 | 2035 | 2040 |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 73.7 | 74.8 | 75.7 | 76.6 | 77.5 |
| مێ | 76.5 | 77.5 | 78.5 | 79.6 | 80.6 |

[8] خشتەی 18

## سنووردارییەکان

ئەنجامەکانی هەر پێشبینییەکی دانیشتوان پشت بەو گریمانانەی بەکار دەهێنرێن و بە داتای بنچینە، دەبەستن. بەم پێیە، پێویستە بەکارهێنەرانی ئەنجامەکان ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکەن:

1) هەر کاتێك داتای نوێ گریمانەی نوێ یان بنچینەی نوێی داتای دانیشتوان بەپێی تەمەن و ڕەگەز بخەنە ڕوو، پێویستە ئەنجامەکانی پێشبینییەکانی دانیشتوان تازە بکرێنەوە. بۆ نموونە، پێویستە ڕەچاوی ئەنجامەکانی سەرژمێریی نوێ یان ڕووپێو بکرێن بۆ مەبەستی تازەکردنەوەی ئەنجامەکان، بە تایبەت ئەگەر لادانێکی گەورە لە نێوان گریمانەکانی/ئەنجامەکانی پێشبینییەکان و کۆمەڵە داتای نوێ دا هەبێت.

2) بۆ پێشبینییەکانی دانیشتوان بۆ ناوچە جوگرافییە بچووکەکان (ئاستی قەزاکان)، وا گریمان کراوە کە پارامیتەرەکانی دینامیکی دانیشتوان لە ناو هەر پارێزگایەك یەکسانن، ئەم گریمانەیە لە بەر ئەوە وەرگیراوە چونکە داتا لەسەر ئاستی قەزا بەردەست نین. ئەگەر داتای نوێ ئاماژە بە وەکیەکنەبوون لە ناو پارێزگادا بدەن، کەواتە مەزندەکانی دانیشتوان پێویستییان بە تازەکردنەوە هەیە.

3) ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان پشت بە سەقامگیریی سیاسی لە عێراق و لە وڵاتانی دراوسێ دەبەستێت. هەروەها پشت بە باری ئابووریی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی تر دەبەستێت. پێویستە هاتنی/چوونی سافیی ئاوارە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی دەوری ئەژمار بکرێن چونکە ئەگەری ئەوە هەیە نە تەنیا لە هەرێمی کوردستان بەڵکو لەسەر ئاستی پارێزگاکان، کار بکاتە سەر ئەنجامەکانی قەبارەی دانیشتوانی داهاتوو.

کەواتە، پێویستە ئەنجامەکانی پێشبینییەکانی دانیشتوان وەك بەڵگەنامەیەکی زیندوو (جوڵاو) وەربگیرێت کە پێویستە لە کاتی بەردەستبوونی داتای نوێ، یان، ڕوودانی گۆڕانکاریی بەرچاو بەهۆکاری سیاسی/ئابووری/ژینگەیی، تازە بکرێتەوە.

# ئەنجامەکان

## پێشبینیی دانیشتوان بۆ هەرێمی کوردستان

بۆ پێشـــبینیکردنی دانیشـــتوان بۆ هەرێمی کوردســـتان تاکو 2040، کۆمەڵە ســـیناریۆیەك ڕەچاو کراون. ســـێ ســـیناریۆ بۆ ئاســـتی بەپیتبوون جێبەجێ کراون. شـــیکردنەوەی هەســـتیاری، جیاوازییەکی بەرچاوی لە نێوان ئەم ســـێ سیناریۆیە بەدەر نەخست و بەم پێیەش سیناریۆی بەپیتبوونی ناوەند بۆ پێشبینیی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزا بەکار هات (خشتەی 10 کورتکراوەی ئەنجامەکانە).

**خشتەی 10: دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەپیتبوونی مامناوەند، ساڵانی 2020-2040**

| | 2020 | 2025 | 2030 | 2035 | 2040 |
|---|---|---|---|---|---|
| **هەولێر** | 2,254,421 | 2,488,315 | 2,731,945 | 2,981,511 | 3,232,154 |
| **سلێمانی** | 2,152,597 | 2,348,728 | 2,549,373 | 2,748,771 | 2,938,720 |
| **دهۆك** | 1,648,613 | 1,859,753 | 2,093,015 | 2,342,886 | 2,600,612 |
| **هەڵەبجە** | 115,454 | 125,974 | 136,736 | 147,431 | 157,618 |
| **هەرێمی کوردستان** | 6,171,085 | 6,822,770 | 7,511,069 | 8,220,599 | 8,929,104 |
| **ڕێژەی سەدی** | | | | | |
| **هەولێر** | 36.5% | 36.5% | 36.4% | 36.3% | 36.2% |
| **سلێمانی** | 34.9% | 34.4% | 33.9% | 33.4% | 32.9% |
| **دهۆك** | 26.7% | 27.3% | 27.9% | 28.5% | 29.1% |
| **هەڵەبجە** | 1.9% | 1.8% | 1.8% | 1.8% | 1.8% |
| **هەرێمی کوردستان** | 100.0% | 100.0% | 100.0% | 100.0% | 100.0% |

## پێشبینیکردنی ئاوارەکان

ئەنجامەکانی پێشـــووتر لەســـەر گریمانەی نەگۆڕان و جێگیربوونی ژمارەی ئاوارەکان بووە لە ماوەی پێشـــبینییەکانی دانیشـــتوان. دوو ســـیناریۆی تر ڕەچاوکراون بۆ ئەوەی ئەنجامەکان بۆ ســـیاســـەت داڕێژەران و پلاندانەران بەســـوودتر بن. ئەم دوو ســـیناریۆیە لەســـەر گریمانەی کەمبوونی ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان بوونە و شـــوێنکەوتەی هەمان گەنگەشـــە و لێکدانەوەکانی بەشی پێشوون. لەسەر بنەمای ئەو ڕەوتە نوێیەی بۆ ژمارەی ئاوارەکان بیندراوە، یەکەم سیناریۆی زیادکراو بریتی بووە لە گریمانەی دابەزینی هێڵی (Linear Decrease) لە ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە هەر پارێزگایەك و ئەوەی دووەم، گریمانەی دابەزینی ڕێژەیی (Proportional Decrease).

بەپێی سیناریۆی دابەزینی هێڵی، ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان لە 694 هەزار کەس لە 2022 بۆ 224 هەزار کەس لە 2040 کەم دەبێتەوە، لە کاتێکدا بەپێی سیناریۆی دابەزینی ڕێژەیی چاوەڕێ دەکرێت لە ساڵی 2040 ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان 338 هەزار کەس بێت (خشتەی 11). شێوەی 2 پەرتبوون لە دابەشبوونی جوگرافیانەی

چاوەڕوانکراوی ئاوارەکان لە ناو پارێزگاکان و چۆنیەتیی گۆڕانی ئەم دابەشبوونە بە تێپەڕبوونی کات، پێشان دەدات[9]. ئەو ڕەوتی نزمبوونەی لە ماوەی 2018-2022 بینراوە، جیاوازییەکی بەرچاو لە ناو پارێزگاکان پێشان دەدات. هەولێر کە 30% گشت ئاوارەکانی ناو هەرێمی کوردستانی لە ساڵی 2020 لە خۆ گرتبوو، چاوەڕێ دەکرێت لە ساڵی 2040 لە نێوان 66% (سیناریۆی دابەزینی ڕێژەیی) و 100% (سیناریۆی دابەزینی هێڵی) ی ئاوارەکان لە خۆ بگرێت. سلێمانی کەمبوونێکی هێدیتر بە خۆیەوە دەبینێت و ڕێژەکە لە 18% لە 2020 بۆ 0% (سیناریۆی دابەزینی هێڵی) و بۆ 14% (سیناریۆی دابەزینی ڕێژەیی) لە 2040 دادەبەزێت. لە پارێزگای دهۆك چاوەڕێ دەکرێت ئەگەر ئاراستەی ئەم دواییە (2018-2022) بەردەوام بێت، داکشانێك لە ژمارەی ئەو ئاوارانەی ئێستا لێی دەژین ڕوو بدات. ڕێژەی ئەو ئاوارانەی لە ساڵی 2020 لە پارێزگای دهۆك دەژیان 52% بوو لە کۆی گشت ئاوارەکانی ناو هەرێم، و چاوەڕوان دەکرێت بەپێی سیناریۆی دابەزینی ڕێژەیی بە خێرایی بۆ 20% دابەزین تۆمار بکات لە کاتێکدا بەپێی سیناریۆی دابەزینی هێڵی هیچ ئاوارەیەك لە پارێزگای دهۆك نامێنێت.

**خشتەی 11: سیناریۆکانی گۆڕان لە ژمارەی ئاوارەکان لە پارێزگاکان**

| | دابەزینی هێڵی | | | | دابەزینی ڕێژەیی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | هەرێمی کوردستان | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | هەرێمی کوردستان |
| **2018** | 234,846 | 181,302 | 451,884 | 868,032 | 234,846 | 181,302 | 451,884 | 868,032 |
| **2019** | 212,562 | 150,336 | 421,650 | 784,548 | 212,562 | 150,336 | 421,650 | 784,548 |
| **2020** | 237,408 | 140,304 | 402,780 | 780,492 | 237,408 | 140,304 | 402,780 | 780,492 |
| **2021** | 231,694 | 136,496 | 330,785 | 698,975 | 231,694 | 136,496 | 330,785 | 698,975 |
| **2022** | 232,860 | 141,522 | 320,109 | 694,491 | 232,860 | 141,522 | 320,109 | 694,491 |
| **2025** | 231,371 | 111,687 | 217,324 | 560,382 | 231,382 | 117,528 | 247,173 | 596,082 |
| **2030** | 228,888 | 61,962 | 46,016 | 336,866 | 228,938 | 86,232 | 160,635 | 475,805 |
| **2035** | 226,406 | 12,237 | 0 | 238,643 | 226,521 | 63,269 | 104,395 | 394,185 |
| **2040** | 223,923 | 0 | 0 | 223,923 | 224,129 | 46,422 | 67,845 | 338,395 |

[9] بەشی سەرەوە دابەزینی هێڵی و بەشی خوارەوە دابەزینی ڕێژەیی پێشان دەدەن.

.شێوەی 2 پێشبینیکردنی ژمارەی ئاوارەکان بەپێی پارێزگا، 2040-2020
سیناریۆی 1: دابەزینی هێلی لە بەرامبەرسیناریۆی 2: دابەزینی رێژەیی



## پێشبینییەکانی دانیشتوان بۆ پارێزگای هەولێر

پارێزگای هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان لە خۆ دەگرێت. ئەم پارێزگایە، وەکو شوێنەکانی تری هەرێمی کوردستان، بە قووڵی کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەکانی شەپۆلەکانی ئاوارەیی کە لە دەرەنجامی ململانێیەکانی سوریا و پارێزگاکانی تری عێراق درووست بوون، هەروەها قەیرانی دارایی بەرفراوان کە کاری کردووەتە سەر هەر دوو کەرتی حکومی و تایبەتی ئابوورییەکەی. پارێزگای هەولێر، بە هۆی دەرفەتە ئابوورییەکانی، پەنابەرە سورییەکان و ئاوارەکان کە لە ملمانێکانی سوریا و هەڵگەڕانەوەکانی شوێنەکانی تری عێراق ڕایان کردووە، لە خۆی گرتووە. پێشبینی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی 2020 نزیکەی 2.24 ملیۆن کەس بووە.

**خشتەی 12: ئەنجامە سەرەکییەکانی پێشبینییەکانی دانیشتوان، سیناریۆی بەپێتبوونی مامناوەند، هەولێر**

| | 2025 | 2030 | 2035 | 2040 |
|---|---|---|---|---|
| کۆی دانیشتوان | 2,488,315 | 2,731,945 | 2,981,511 | 3,232,154 |
| نێر | 1,257,701 | 1,382,233 | 1,509,690 | 1,637,716 |
| مێ | 1,230,615 | 1,349,713 | 1,471,820 | 1,594,438 |
| ڕێژەی سەدیی 0-4 ساڵ | 10.85 | 10.38 | 9.89 | 9.38 |
| ڕێژەی سەدیی 5-14 ساڵ | 22.91 | 20.54 | 18.49 | 17.83 |
| ڕێژەی سەدیی 15-24 ساڵ | 20.16 | 20.45 | 19.07 | 17.32 |
| ڕێژەی سەدیی 15-49 ساڵ | 54.24 | 54.81 | 55.28 | 54.1 |
| ڕێژەی سەدیی 15-64 ساڵ | 62.15 | 64.03 | 66.43 | 66.71 |
| ڕێژەی سەدیی 65 ساڵ و سەرووتر | 4.09 | 5.06 | 5.2 | 6.08 |
| ڕێژەی سەدیی ڕەگەزی مێ 15-49 ساڵ | 53.64 | 54.27 | 54.58 | 53.18 |
| لەدایکبوون | 56,550 | 58,940 | 61,004 | 62,162 |
| مردن | 8,795 | 9,666 | 10,768 | 12,351 |

**خشتەی 13: نیشاندەرەکانی ئەنجامی پێشبینییەکانی دانیشتوان، سیناریۆی بەپیتبوونی مامناوەند، هەولێر**

| | 2025 | 2030 | 2035 | 2040 |
|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی ڕەگەز | 102.2 | 102.41 | 102.57 | 102.71 |
| ڕێژەی پشتبەستن | 0.61 | 0.56 | 0.51 | 0.5 |
| ناوەندی تەمەن | 23 | 24 | 26 | 28 |
| ڕێژەی لەدایکبوونی خاو | 22.7 | 21.6 | 20.5 | 19.2 |
| ڕێژەی گشتیی وەچەخستنەوە | 1.41 | 1.34 | 1.27 | 1.2 |
| ڕێژەی پەتیی (سافیی) وەچەخستنەوە | 1.36 | 1.3 | 1.23 | 1.17 |
| ڕێژەی منداڵ-ئافرەت | 0.41 | 0.39 | 0.37 | 0.36 |
| ڕێژەی مردنی خاو | 3.5 | 3.5 | 3.6 | 3.8 |
| ڕێژەی مردنی منداڵی شیرەخۆرە | 22.2 | 20.2 | 18.4 | 16.8 |
| ڕێژەی مردنی منداڵی خوار 5 ساڵ | 27.1 | 24.6 | 22.4 | 20.4 |
| ڕێژەی زیادبوونی سرووشتی | 1.92 | 1.8 | 1.68 | 1.54 |
| کاتی دووهێندەبوون | 36.5 | 38.8 | 41.5 | 45.3 |

**خشتەی 14: ڕێژەی پشتبەستن بەپێی ئاستەکانی بەپیتبوون 2020-2040، هەولێر**

| | نزم | مامناوەند | بەرز |
|---|---|---|---|
| **2020** | 71% | 71% | 71% |
| **2025** | 60% | 61% | 61% |
| **2030** | 54% | 56% | 57% |
| **2035** | 47% | 51% | 53% |
| **2040** | 44% | 50% | 53% |

**شێوەی 3: هەرەمی دانیشتوان بۆ بەپیتبوونی مامناوەند، هەولێر2030**



شێوەی 4: هەرەمی دانیشتو انی بۆ بەپیتبوونی مامناوەند، هەولێر 2040




**خشتەی 15: پێشبینییەکانی دانیشتوان بۆ گروپە تەمەنە هەڵبژێردراوەکان، سیناریۆی بەپیتبوونی مامناوەند - 2020 تا 2040، هەولێر**

| | 2020 | 2025 | 2030 | 2035 | 2040 |
|---|---|---|---|---|---|
| **دانیشتو انی 0-4 ساڵ** | 293,751 | 269,982 | 283,576 | 294,871 | 303,176 |
| **دانیشتو انی 5-14 ساڵ** | 560,224 | 570,073 | 561,142 | 551,281 | 576,293 |
| **دانیشتو انی 15-24 ساڵ** | 438,259 | 501,644 | 558,683 | 568,574 | 559,809 |
| **دانیشتو انی 15-64 ساڵ** | 1,320,189 | 1,546,488 | 1,749,264 | 1,980,618 | 2,156,170 |
| **دانیشتو انی 65+ ساڵ** | 80,257 | 101,772 | 138,236 | 155,039 | 196,515 |
| **ئافرەتانی 15-49 ساڵ** | 572,428 | 660,102 | 732,489 | 803,319 | 847,922 |
| **دانیشتو انی 6-11 ساڵ** | 337,615 | 346,694 | 330,256 | 334,386 | 348,689 |
| **دانیشتو انی 12-14 ساڵ** | 166,255 | 166,048 | 175,786 | 159,346 | 167,888 |
| **دانیشتو انی 15-17 ساڵ** | 135,875 | 173,855 | 166,169 | 175,534 | 162,988 |

**خشتەی 16: تابلۆی کاریگەرییەکانی داینامیکی دانیشتوان بە سەرگەشەپێدانی بەردەوام، هەولێر**

| گروپی تەمەن | 2020 تا 2030 | 2030 تا 2040 | بەرنامە |
|---|---|---|---|
| دانیشتوانی 0-4 ساڵ | -3.5 | 6.9 | چاودێریکردنی منداڵ |
| دانیشتوانی 5-14 ساڵ | 0.2 | 2.7 | بەرنامەکانی هەرزەکاران |
| دانیشتوانی 15-24 ساڵ | 27.5 | 0.2 | بەرنامەکانی گەنجان & کارداری |
| دانیشتوانی 15-64 ساڵ | 32.5 | 23.3 | کارداری |
| دانیشتوانی 65+ ساڵ | 72.2 | 42.2 | چاودێریکردن و پزیشکیی بەتەمەنەکان |
| ئافرەتانی 15-49 ساڵ | 28.0 | 15.8 | تەندروستیی وەچەخستنەوە |
| دانیشتوانی 6-11 ساڵ | -2.2 | 5.6 | خوێندن |
| دانیشتوانی 12-14 ساڵ | 5.7 | -4.5 | خوێندن |
| دانیشتوانی 15-17 ساڵ | 22.3 | -1.9 | خوێندن |

| | |
|---|---|
| (سەوز) | دەرفەتی بەرەوپێشبردنی کوالێتی یان یەکسانی |
| (زەرد) | سەرچاوەی زۆرتر پێویستە بۆ بەرەوپێشبردنی کوالێتی یان یەکسانی |
| (پرتەقاڵی) | هەبوونی ئاڵنگاری لە بەردەوامیدان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری |
| (سوور) | هەبوونی ئاڵنگاریی توند لە بەردەوامیدان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری |

## پێشبینییەکانی دانیشتوان بۆ قەزاکانی هەولێر

### خشتەی 17: پێشبینییەکانی دانیشتوان، هەولێر2025-2040، لەسەرئاستی قەزا

| | | هەولێر | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هەولێر | ڕەواندوز | کۆیە | چۆمان | خەبات | بنەسلاوە | سۆران | شەقلاوە | مەخمور | مێرگەسۆر | گشتی |
| 2025 | | | | | | | | | | | | |
| کۆی دانیشتوان | شارنشین | 1,060,453 | 18,635 | 104,063 | 21,024 | 94,028 | 234,258 | 177,730 | 126,055 | 45,434 | 21,896 | 1,903,576 |
| | گوندنشین | 91,543 | 12,301 | 32,171 | 17,046 | 40,265 | 35,159 | 48,834 | 56,230 | 208,475 | 42,715 | 584,739 |
| | کۆ | 1,151,996 | 30,936 | 136,233 | 38,070 | 134,293 | 269,417 | 226,564 | 182,285 | 253,909 | 64,611 | 2,488,315 |
| نێر | شارنشین | 535,998 | 9,419 | 52,598 | 10,627 | 47,526 | 118,404 | 89,832 | 63,713 | 22,964 | 11,067 | 962,149 |
| | گوندنشین | 46,270 | 6,218 | 16,261 | 8,616 | 20,352 | 17,771 | 24,683 | 28,421 | 105,372 | 21,590 | 295,552 |
| | کۆ | 582,268 | 15,636 | 68,858 | 19,242 | 67,877 | 136,175 | 114,515 | 92,135 | 128,336 | 32,657 | 1,257,701 |
| مێ | شارنشین | 524,455 | 9,216 | 51,465 | 10,398 | 46,502 | 115,854 | 87,898 | 62,341 | 22,470 | 10,829 | 941,428 |
| | گوندنشین | 45,273 | 6,084 | 15,910 | 8,430 | 19,913 | 17,388 | 24,151 | 27,809 | 103,103 | 21,125 | 289,187 |
| | کۆ | 569,728 | 15,300 | 67,375 | 18,828 | 66,416 | 133,242 | 112,049 | 90,151 | 125,572 | 31,954 | 1,230,615 |
| دانیشتوانی 0-4 ساڵ | شارنشین | 115,059 | 2,022 | 11,291 | 2,281 | 10,202 | 25,417 | 19,284 | 13,677 | 4,930 | 2,376 | 206,538 |
| | گوندنشین | 9,932 | 1,335 | 3,491 | 1,850 | 4,369 | 3,815 | 5,299 | 6,101 | 22,620 | 4,635 | 63,444 |
| | کۆ | 124,991 | 3,357 | 14,781 | 4,131 | 14,571 | 29,232 | 24,582 | 19,778 | 27,549 | 7,010 | 269,982 |
| دانیشتوانی 5-14ساڵ | شارنشین | 242,950 | 4,269 | 23,841 | 4,817 | 21,542 | 53,669 | 40,718 | 28,879 | 10,409 | 5,016 | 436,109 |
| | گوندنشین | 20,972 | 2,818 | 7,370 | 3,905 | 9,225 | 8,055 | 11,188 | 12,882 | 47,762 | 9,786 | 133,964 |
| | کۆ | 263,922 | 7,087 | 31,211 | 8,722 | 30,767 | 61,724 | 51,906 | 41,762 | 58,170 | 14,802 | 570,073 |
| دانیشتوانی 15-24 ساڵ | شارنشین | 213,787 | 3,757 | 20,979 | 4,238 | 18,956 | 47,226 | 35,830 | 25,413 | 9,159 | 4,414 | 383,761 |
| | گوندنشین | 18,455 | 2,480 | 6,486 | 3,437 | 8,117 | 7,088 | 9,845 | 11,336 | 42,029 | 8,611 | 117,883 |
| | کۆ | 232,242 | 6,237 | 27,465 | 7,675 | 27,073 | 54,314 | 45,675 | 36,749 | 51,188 | 13,026 | 501,644 |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دانیشتوانی 64-15 ساڵ | شارنشین | 659,072 | 11,581 | 64,675 | 13,067 | 58,439 | 145,592 | 110,459 | 78,343 | 28,237 | 13,608 | 1,183,072 |
| | گوندنشین | 56,894 | 7,645 | 19,994 | 10,594 | 25,025 | 21,851 | 30,350 | 34,947 | 129,567 | 26,547 | 363,416 |
| | کۆ | 715,965 | 19,227 | 84,669 | 23,661 | 83,463 | 167,443 | 140,810 | 113,290 | 157,804 | 40,156 | 1,546,488 |
